# با شتێك نەخوڵقێنین بە ناوی کێشەی باکوری عێراق

ئا. : بەکر شوانی

مەمەد عەلی بیراند – ڕۆژنامەی حوریەت ۲۰۰۳/۷/۱۵:

(ئەگەر هێمنانە ڕەفتار نەکەین و لەسەر بنەمای هەست و سۆز بجولێین و بە بیانووی ئەوەی "سەروەریمان لە دەست دەچێت" بەردەوام بین لەسەر وروژاندنی ڕای گشتی، ئەوا بێ ئەوەی پێویست بکات گرفتێک بە ناوی کێشەی عێراق بۆ خۆمان دروست دەکەین و ڕەهەندەکانی کێشەی کوردیش لە ولاتی خۆمان گەورەتر دەکەینەوە. سەرچاوەی نائارامی من و زۆر کەسانی تریش بۆ پێشهاتەکانی عێراق دەگەڕێتەوە. جا ئەگە بێت و هەرچی زووتر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوا باکوری عێراق دەبێتە سەرچاوەی کێشەیەک کە تورکیا بە دەستی خۆی دەیخولقێنێ. تورکیا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاتر کوردەکانی عێراق وەکو دوژمن دەبینێ، گومانیشمان نیە کە بەشێک لە کوردەکانی عێراقیش بە هەمان شێوە لە تورکیا دەڕوانن. ئەوەیش دەزانین کە کوردەکان دەیانەوێ سەرەتا سەربەخۆیی خۆیان مسۆگەر بکەن یاخود لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیەکدا سیستەمی خۆیان دابمەزرێنن و پاشان لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا یەکبگرن و خەونی کوردستانی گەورە بەدی بهێنن. بەلاّم ئێمە هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا بە هەڵە دەزانین، ئەم ڕەفتارانە ڕێ لە گەورە بوونەوەی کێشەی کورد ناگرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئالۆزتری دەکات و ڕووبەری ژۆنگاوەکە فراوانتر دەکاتەوە. تورکیا وێنەیەکی وا دەداتە دەستەوە کە دەیەوێ سوپا بڕژێنێتە باکوری عێراقەوە و پێشهاتەکان کۆنترۆڵ بکات و تورکمانەکان ڕێکبخات و مەشقیان دابدات و پڕ چەکیان بکات و بیانکات بە گژی کوردەکاندا. لێپرساوان (سەربازی و مەدەنی) لە لێدوانەکانیاندا باکوری عێراق دەکوتنەوە. دەروازەی خاپوریش کە بە سەرچاوەی ئابوری باکوری عێراق دادەنرێ، هەمیشە لەلایەن تورکیاوە سنوردار دەکرێ، هەر وەکو ئەوەی تورکیا ئەو دەروازەیە بۆ سزادانی کوردەکانی عێراق بەکار بهێنێ. بە کورتی و بە پوختی، وا دەردەکەوێ کە تورکیا مەیلی هەیە باکوری عێراق وەکو هەرێمێکی دوژمن بەخۆی ببینێ.)

# ئەمەریکا لە مەسەی تورکماندا ئەنقەرەی ڕاچڵەکاند

سەدات ئەرگین ـ ڕۆژنامەی حوریەت ۲۰۰۳/۷/۱۵:

(بەر لە شەڕی ئەمەریکا، یەکێک لە ناوە گرنگەکانی هەموو کۆبوونەوەکانی نێوان ئەمەریکا و ئۆپۆزسیۆنی عێراق، سەنعان ئەحمەد ئاغا بوو کە سەرۆکی بەرەی تورکمانی ناسراو بە نزیکایەتی لە ئەنقەرەیە. لە زنجیرە کۆبونەوەیەکی سەرانی ئۆپۆزسیۆندا کە بە سەرپەرشتی زالمای خەلیلزادی نوێنەری سەرۆک جۆرج بوش لە ئەنقەرە بەسترا، ئاغا وەکو تاقانە نوێنەری ڕەوای تورکمانەکانی عێراق بەشداری کردبوو. تەنانەت ئیمزای ئاغا بەسەر ئەو پەیمانەشەوە هەبوو کە ڕۆژی ۱۹ی ئادار سەبارەت بە بناغەکانی سیاسی داهاتووی عێراق مۆرکرا. بە کورتی، ئەمەریکا بەر لە شەڕ، ئاغای وەکو نوێنەری فەرمی تورکمانەکان پێ قەبوڵ بوو، بەلاّم ئێستا لە لیستی ناوەکانی ئەنجومەنی کاتی دەسەلاّتی عێراقدا کە پێرێ کۆبۆوە، ناوی ئاغا بەدی ناکرێ. ئەنقەرە هەفتەی ڕابردوو چاوەڕێ بوو کە تاقانە پۆستی تورکمانەکان لەو ئەنجومەنەدا بدرێ بە سەرۆکی بەرەی تورکمانی و ئەمە چاوەڕوانیەکی بە پەرۆشی تورکیا بوو و پێشتریش لە ڕێی کەناڵە دیپلۆماتیەکانەوە بە حکومەتی ئەمەریکا گەیەنرابوو. بەدی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
16/07/2003 21:28

نەهاتنی ئەم داخوازە بە واتای خەیاڵ شکاندنە بۆ تورکیا. بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دوورخستنەوەی پارتێکی نزیک لە تورکیا لەلایەن برێمەرەوە، بە واتای ئەوەیە کە ئەمەریکا دەیەوێت تورکیا لە هاوکێشەی تایبەت بە داهاتووی سیاسی عێراق بهاوێژێتە دەرەوە. دەزانرێ کە برێمەر لە کاتی ئامادەکردنی لیستەی ١٣ شیعی و ٥ سونی و ٥ کورد و کرستیان و تورکمانێکدا بۆ ئەنجومەنی کاتی دەسەڵات، لە نزیکەوە ڕاوێژی بە بارزانی و تاڵەبانی کردووە و لەمەشەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەرەڕای سیاسەتی ئەمەریکا بۆ هاویشتنە دەرەوەی بەرەی تورکمانی و تورکیا لە هاوکێشەی عێراق، ڤیتۆی گرووپە کوردیەکانیش کاریگەر بووە لە دوور خستنەوەی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی دەسەڵات. لێرەدا جارێکی تر هاوپەیمانیی ئەمەریکا و کوردەکانی عێراق لە دژی تورکیا دووبارە دەبێتەوە.)

کوردستان نێت www.kurdistannet.org